# جەنگی دەروونی
# لە مێژووی ئیسلامدا

## "لە سەرەتای ئیسلامەوە تا سەردەمی مەغۆلەکان"

### لێکۆڵینەوەیەکە لەبواری پێناسە و مێژووی جەنگی دەروونی

ئاراس فەریق زەینەل/زانکۆی سلێمانی/کۆلیژی زانستەمرۆڤایەتییەکان/بەشی مێژوو

**پێشەکی**

جەنگی دەروونی لەگرنگترین بابەتەکانی سەردەمە، لەهەموو سەردەمێکی تر زیاتر بایەخی پێ دەدرێت و یەکێکە لەوتێگەیشتنانەی لەبوارەکانی ژیاندا بەتایبەتی بواری زانستی دەروونی خۆی ئەنوێنێت، جگە لەبواری سەربازی بۆهەموو سەردەمێکی مێژوویی چ بۆ سوپایەك یان گەلێك یان پارتێك یان ولاَتێك بۆ بەرەنگار بوونەوەی دووژمنان چوونکە دوژمن بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە چۆن کار بکاتە سەر ئیرادە و جۆری بیرکردنەوەی بەرامبەر یان مەترسی بخاتە دڵ و دەروونیان و نەتوانن خۆڕاگربن لەپێش ڕووداوەکان یان بەرامبەر دووژمن .

هەڵگرانی ئەو پەیامە بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدەن چۆن بتوانن کۆنترۆڵی بیرو باوەڕی مرۆڤ بکەن تائەندازەیەك هیچ توانەیەکی نەبێت لەئاستی ڕووداوەکان، بەڵکو ئیرادەی لاواز دەبێت و بەئاسانی کاردەکرێتە سەر بیروهۆشی ئەو مرۆڤە، بۆیە دەبینین زۆر لەسەرکردەو فەرماندە سەربازیەکان گرنگی تەواو دەدەن بەجەنگی دەروونی هەرچەندە وەك ناو تازەیە، بەلاَم وەك پراکتیك کردنی کۆنە، کەجیاوازی نیە لەناوەڕۆکیدا لەگەڵ ئێستادا تەنیا لە ئامڕاز و جێبەجێ کردنیدا نەبێت، و تائێستاش ئامانجی کاریگەرییە لە دەروونی دووژمن و ڕووخاندنی وورەیە .

جەنگی دەروونی هەر لەدێر زەمانەوە لەگەڵ پەیدابوونی ململانێی ئادەمیزان پەیدا بووە و بەکار هاتووە بەڕێبازی سادەو ساکار بەکارهێنراوە چ لەسەر ئاستی تاکەکەس یا لە سەرئاستی کۆمەڵ و کۆمەڵگاوە، یا لە نێوان نەتەوە و ولاَتانی جیاجیا هەرلەسەرەتاوە پێشەواو فەرماندە و سەرکردەکانی جیهان جەنگی دەروونیان لەگەڵ بەرامبەرەکانیاندا بەکار هێناوە ...

**پێناسەی جەنگی دەروونی**

لەگەڵ ئەوەشدا کەجەنگی دەروونی کۆنە بەقەد کۆنی مرۆڤایەتی, بەلاَم لەفەرهەنگەکاندا پێناسەیەکی زمانەوانیمان بۆ جەنگی دەرونی نەدی لە رووی زمانەوانیەوە, ئەگەرچی (أبن منظور) ئاماژەی بەوە داوە کەجەنگ دژی ئاشتیە, دەوترێت (پیاوێکی جەنگ)، واتە لە شەڕ دەزانێت و شارەزای شەڕە، هەروەها ناڕاستەوخۆ لەبابەتی (رجف) لەرزینی خێرادا باسی کردووە, شڵەژان لەماناکانی جەنگی دەروونیە, کەدەڵێت (الرجفان) هەڵچوونی توند, (أرجف القوم) ئەوخێڵەکەی

لەرزاند، لەباسکردنی هەواڵی ناخۆش‌و باسکردنی ئاژاوە نانەوە[1], پەروەردگار دەفەرموێ: "خۆ ئەگەر دوو ڕازەکان‌و ئەو کەسانەش غەرەزێکیان لەدڵدایەو ئەو کەسانەی لەناو شاری مەدینەدا (لەدژی دین) دەنگۆ[*] بڵاو دەکەنەوە, دەس هەڵنەگرن, دەیانخەینە بەردەستی تۆو لە ئاکامدا – بێجگە ماوەیەکی هندك –لەو شارەدا ناتوانن ببن بە هاوسات"[2].

بەڵام لەفەرهەنگەکانی‌تر لەبابەتی (رجف)دا هاتووە : (ارجف القوم) واتە ترسان لەهەواڵی درۆو ناخۆش, (ومنها المرجفون في المدينة) ئەو کەسانەی کە لە ناو مەدینەدا دنگۆ بڵاودەکەنەوە[3] ,و لە ئینسکلوپیدیای عەرەبی (المیسرة) پێناسەیەك هاتووە نزیکە لەو پێناسانەوە لەم سەردەمەدا بۆ جەنگی دەروونی کراوە, دەڵێت لەناواخنی پێناسەی بابەتی (حرب) بریتی‌یە لەجەنگێکی ناوخۆیی کەدەبێتە مایەی تێکدان‌و ڕووخاندنی هێزی جەنگاوەران‌و ناجەنگاوەران‌و موڵکەکانیان بەمەبەستی سەپاندنی چەند مەرجێکی دیاریکراوە بەسەر لایەنی شکستخواردوو پڕکردنەوەی بیروڕایەکی ئایینی یان مەزهەبێکی رامیاری یان پاراستنی لەهەر بێ هوودەیەك[4].

ئەم پێناسەیە نزیکترین پێناسەیە بۆ جەنگی دەروونی کە لەفەرهەنگەکان هاتووە کە دەڵێت بەمەبەستی پڕکردنەوەی مەرجی دیاریکراویان, پڕکردنەوەی بیروڕایەکی ئایینی یان مەزهەبێکی ڕامیاری یان پاراستنی لەهەر بێ‌هوودەییەك, ئەمانەش ئامانجەکانی جەنگی دەروونین, جەنگیش خەباتێکی چەکداریە لەنێوان دەوڵەتێکی خاوەن هەژمون وهاوولاتیاندا بەئامانجی ڕووخاندن‌و تێکدانی هێزی جەنگاوەرەکان‌و موڵکەکانیان و پاشان کارکردنە سەر وورەیان.

بۆ سەپاندنی چەند مەرجێکی دیاریکراو بەسەر لایەنی شکستخواردودا,و جەنگ بەمەبەستی داکۆکی کردن لەخود واتە جەنگی داکۆکی لە خۆکردن, بەڵام ئەگەر ئامانج تەنها دەس درێژی کردن بێت ئەوا جەنگێکی هێرش بەرانەیە[5],و لەنێوان هەردوو جەنگەکەدا جەنگێکی خۆپاراستن هەیە, هەروەها جەنگی ماددی‌و جەنگی ناوخۆو جەنگی نێو دەوڵەتیش هەیە, جەنگی دەروونیش جەنگی پیلان گێڕانەو وروژاندن‌و جەنگی قسەو ئاژاوەو جەنگی خواو پێغەمبەرە, وەکو پەروەردگار فەرموویەتی: "ئەگەر دەستی لێ هەڵنەگرن, سابزانن ئێوە لەگەڵ خوادو پێغەمبەرەکەیدا شەڕێ دەکەن"[6]. ووشەی (شەڕ) لە زۆر شوێنی قورئانی پیرۆزدا هاتووە هەروەك دەفەرموێت: "ئەوانەش وا مزگەوتێکیان چێ کردوە تاهۆی زیان‌و خوانەناسی‌و پژگو بڵاوی نێوان باوەڕدارەکان بۆتا ڕوانگە بێ بۆ ئەوانەی لەپێشودا دژی خوداو پێغەمبەری ڕاوەستا بوون,

---

[1] لسان العرب, تحقيق عبدالله علي الكبير واخرون, مادة رجف, دار المعارف, القاهرة, مصر,ج ٣/ص١٥٩٥-١٥٩٦.

[*] دەنگۆ – شايعە.

[2] سوڕەتی ئەحزاب, ئایەتی (٦٠), وەگێڕاوی مامۆستا هەژار, ل٤٢٦. (( لئن لم ينتە المنافقون والذين في قلوبهم مرض والمرجفون في المدينة لنغرينك بهم ثم لايجاورونك فيها الا قليلا)) .

[3] فيروز أبادى: القاموس المحيط, دار الجيل، القاهرة،١٣٧١ه، ٣/٥٥" الزبيدي: تاج العروس في جواهر القاموس، دار مكتبة الحياة ،بيروت،د.ط ، ج ٢٣/ص٣٢٣– ٣٢٥.

[4] محمد شفيق: الموسوعة العربية الميسرة, ل٦٩٥.

[5] د. معتز سيد عبدالله: الحرب النفسية والشائعات,دار الغريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة،١٩٩٧ ، ل١٢.

[6] سورەتی بەقەرە ئایەتی ٢٧٩, وەرگێڕانی مامۆستا هەژار, ل٤٧.,((فإن لم تفعلوا فأذنوا بحرب من الله ورسوله وإن تبتم فلكم رؤس أموالكم لاتظلمون ولاتظلمون )) .

سوێندیش دەخۆن کە: جگە لە چاکە کردن نیازێکی ترمان نەبووگە, خوا شایەتە کە ئەوانە درۆزنن"[٧] هەروەها دەفەرموێت: "گۆڕی گیانی[*] ئەو کەسانەی دژایەتی خوداو پێغەمبەری دەکەن, لە عەرزدا دەبنە خراپەکار, کوژرانە یان بڕینی دەستو قاچە پێچەوانە,یان وڵات دوورخرانە, کە ئەم سزایە بۆئەوان ڕیسوابوونە لەدنیاداو بەشیان لە ڕۆژی سەڵادا جەزرەبەدانی بەژانە"[٨].

هەموو ئەو جەنگانەش ئامانجی عەقڵی مرۆڤو هزریەتی لەکارخستنی ئیرادەیەتی وسەپاندنی چەند مەرجێکی دیاریکراو لەسەر دوژمن, مەبەست لەجەنگی دەرونی, ئەوجەنگەیە کەکاریگەری دەخاتە سەر رەفتاری مرۆڤومینۆکی وورەی,خودی مرۆڤیش ئامانجی جەنگی دەرونییە کە دەگەڕێتەوە بۆ خودی مرۆڤایەتی چونکە خود ئیرادەو هەڵبژاردنەو مرۆڤیش خاوەن هەڵبژاردنە لەڕێگەکانی وەڵامدانەوە, چونکە مرۆڤ گیانو جەستەیە کە دەکەوێتە ژێر فشاری پاڵنەرەکانەوە ئەوا وەڵامدانەوەی هەیە.

## مێژووی جەنگی دەروونی

بەدوا داچوونی مێژووی سیاسیو سەربازیی گەلانو میللەتان درکیان بەوە کردوە کە جەنگی دەروونی بەشێوەیەکی سەرەتایی هەر لەمێژینەوە پیادەکراوەو زۆر کۆنەو بنەماکانی بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە, وئەم جەنگە تەواوکەری جەنگی چەکسازیوسوپاییە[٩], هەرچەندە لەڕووی زاراوەوە تازەیە, بەڵام دیاردەیەکی کۆنەو پیادەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ چاخە دێرینەکان, واتە سەرەتای دروست بوونی ململانێی نێوان مرۆڤەکان[١٠], بۆیە دەتوانین بڵێین جەنگی دەروونی شتێکی تازە داهاتوو نیە, ئەم بابەتەش بەپێی قۆناغەکانی مێژوو چەکەرەی کردووە لەناخی کۆمەڵگادا[١١], لەکۆنەوە شارەزاو زانا ئایینیەکانو سەرۆك تیرەو گرووپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەکان جۆشدانی تواناکانی نێو کۆمەڵگەی خۆیانیان هەبووە[١٢], زیرەکیو خوێندنەوەی ڕووداوەکانو مەزەندەکردنیانو شارەزابوونی سایکۆلۆژی لەلایەن هەندێ کەسانەوە بەتایبەتی کاربەدەستانو فەیلەسوفەکانو سیحربازەکانو حەکیمەکان کەشارەزایی هەموو کەرەستەکانی چوونە نێو ناخی دەروونی ئەو کەسانە بوون, کەمەبەستیان جەماوەر بووە[١٣], ئەوانەی پڕوپاگەندەیان بڵاو ئەکردەوە لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر یا لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی دیکە چ سێخوڕەکان یا بازرگانەکان یا ئەوانەی بەناوی چاوشو گۆرانی بێژانەوە دەسوڕانەوە,

---

[٧] سوڕەتی تەوبە ئایەتی ١٠٧, وەرگێڕانی مامۆستا هەژار, ل٢٠٤ ((والذين إتخذوا مسجدا ضرارا وكفرا وتفريقا بين المؤمنين وإرصادا لمن حارب الله ورسوله من قبل وليحلفن إن اردنا الا الحسنى والله يشهد إنهم لكاذبون)),.

[*] گۆڕی گیانی: پڕێتی لە سزای کردەوەی خراپ.

[٨] سوڕەتی مائیدە, ئایەتی ٣٣, وەرگێڕانی مامۆستا هەژار, ل١١٣.((إنما جزاء الذين يحاربون الله ورسوله ويسعون في الارض فسادا أن يقتلوا او يصلبوا او تقطع أيديهم وأرجلهم من خلف أو ينفوا من الا رض ذلك لهم خزي في الدنيا ولهم في الاخرة عذاب عظيم )) .

[٩] پول لاينبر جر: الحرب النفسية,ت.حمير رشيد، دارامية للنشر والتوزيع،ط٢، الرياض، ١٩٨٨،ل٣١.

[١٠] موسى زناد: الحرب النفسية, مطبعة دار القادسية، الاعظمية، بغداد، ١٩٨٤، ل٧.

[١١] صلاح نصر: الحرب النفسية, ٥٤/١.

[١٢] حامد عبدالسلام زهران: علم النفس الاجتماعي,عالم الكتب ،ط٤،القاهرة،١٩٧٧، ل٣٥٤.

[١٣] عبدالستار طاهر شەریف: شەڕی دەروونی, گۆڤاری ڕۆژی کوردستان, ژمارە ٦٧, ل١٧.

خزمەتی جەنگی دەروونیان ئەکرد[١٤], پیاوانی ئایینیوپیاوانی سیاسەتو جەنگ هەر لە کۆنەوە ئەو هۆکارانەیان زانیووە کەمرۆڤ دەخرۆشێنیّ, هەر لەمێژەوە مرۆڤ چەندین هۆکاری پیادەکردووە بۆ دەست بەسەرداگرتنی مێشكو ورەی نەیارانی بەشێوەیەك خۆی بەلاواز پێشان داوە لەڕاستیشدا بەهیزتر بووە کە بەهێزەکان سەیریان کردووەو بەهێزەکانیش واخۆیان پێشان دەدەن کەزۆر لەوە بەهێزترن کە لاوازو شۆڕشگێڕەکانی بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان بۆی دەڕوانن, دەستە خۆ کردنیان بەئارەزووی خۆیانو بەو شێوەی کەخۆیان دەیانەوێت[١٥], بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو چەندین بەڵگەمان دەست دەکەوێت کە ئەم بۆچوونەمان بسەلمێنیّ,وەهەرجاری بەپێی قۆناغوپێویستی سەردەمی مێژووی خۆی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو خۆی گونجاندووەوگوزارشتی لەو قۆناغو سەردەمە کردووە, چونکە جەنگی دەروونی بەدرێژایی مێژوو بە چەند قۆناغدا تێپەڕیووە, هەرچەندە لە شێوەی دەربڕیندا جیاوازی پێوە دیار بووە[١٦], بەلاّم لەناوەڕۆکدا مرۆڤەکان ویستویانە وورەی دوژمنەکەیان بڕوخێننو دووچاری داڕووخانو پەشوکاویان بکەن, هاوکات هەوڵو کۆششیان داوە لەپێناوی تێك شکاندنی ئیرادەیاندا بۆ ئەوەی دووچاری کۆڵدانو چۆك پێ دانیان بکەن[١٧], ڕاستیەکی مێژووییە کە جەنگی دەروونی لەگەڵ شارستانیەتدا سەری هەڵداوە,و لەگەڵ بوونی کێشەو رکەبەرایەتی مرۆڤ دروست بووە,و هەندێ کەس وا هەست دەکەن کە جەنگی دەروونی مێژوویەکی تازەی هەیەو سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم, بەلاّم لەڕاستیدا ئەم جەنگە مێژوویەکی زۆر کۆنتری هەیەو مرۆڤ هەر لەمێژەوە درکی پێ کردووەو دەسەلاّتدارە زیرەكو هۆشیارەکان هەر لەکۆنەوە پەنایان بۆ ئەم شێوازە جەنگیە بردووە[١٨], تاکە بۆچوونەی کە بەبابەتێکی نوێی دادەنێن ئەوا تەنها لەڕووی ناوەوە نوێیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەمو بەتایبەتی لەیەکەمین جەنگی جیهانیدا، واتە لەگەڵ بەرەو پێش چوونی زانستەکانی تر وەك دەروونناسیو بایۆلۆجیو پەروەردەی نوێ, بۆیە دەبینین ئەم زانستە لە ساڵی ١٩٥٥ز چووە نێو فەرهەنگی جەنگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە[١٩].

ئەم زانستە (جەنگی دەروونی) شێوە کۆنو سەرەتاییەکەی خۆی لەدەستداو لەگەڵ بەرەو پێش چوونی هزری جەنگییەوە ئەم زانستەش بەرەو پێش چوو, تا وای لێهات بوو بە کردەوەیەکی ئاڵۆزو گران کە پشت بەچەندین یاسای تایبەتی ببەستێت بۆ ئەو مەبەستە چەندین یەکەی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە کە هەر یەك لەو یەکانە چەندین پسپۆری شارەزا بەڕێوەی دەبات[٢٠], پیادە کردنی جەنگی دەروونی دەگەڕێتەوە بۆ دێر زەمان, لەکاتێك مرۆڤ تیایدا هەستی کرد دەتوانیّ کاربکاتە

[١٤] صلاح نصر: الحرب النفسية, ١/٥٥.

[١٥] حامد عبدالسلام زهران: س.پ, ل٣٥٤.

[١٦] کەریم شەریف: جەنگی دەروونی, گۆڤاری ڕێبازی نوێ, ژمارە ٩, ساڵی ١٩٩٥.

[١٧] د. هانی الرضا و د. رامز عمار: الراي العام والاعلام والدعاية,المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع ،بيروت ،١٩٩٨، ل٢٠٥.

[١٨] د. فخري الدباغ: س.پ, ل٥.

[١٩] صلاح نصر: الحرب النفسية, ١/ ٩٣.

[٢٠] الحرب النفسية: السلسلة المرقمة (٢٩),بيروت،د.ط، ل٥.

سەر دەوروبەری, ئەمەش گەلان‌و میللەتان بەبێ ئەوەی پەنا بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی ببرێت بەڵکو پشتی بەمێشك‌و دەروونی مرۆڤ دەبەست[٢١] , جەنگی دەروونی چەندین پێشکەوتنی مێژوویی بەخۆیەوە دیوە, بەڵام لەم سەردەمەدا لەدوای پێشکەوتنی زانستی‌و بایۆلۆجی شێوەیەکی پسپۆری وەرگرت سەرەڕای ئەوەی کە پیاوانی ئایینی کۆن‌و ئەو چینانەی کە دەستیان بەسەر سیاسەت داگرتبوو چەندین شێوازیان پیادە دەکرد بۆکار کردنە سەر ڕەفتاری خەڵك‌و بەدەست هێنانی ڕەزامەندییان‌و کۆنترۆڵ کردنی مێشکیان[٢٢] .

زانستی نوێ توانیویەتی بەو شێوەیەی کەخۆی دەیەوێت مرۆڤ بگونجێنێ هەرچەندە مرۆڤ بەرەنگاری جەنگی دەروونی بووەتەوە ئەویش بەهۆی قوڵبوونەوەی بیرکردنەوەو پێشکەوتنی فیکریەوە لەمیانەی ئەم کێشمە کێشەدا چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی‌و ڕامیاری گرنگ سەری هەڵداوە کە پەیوەندار بووە بەدیاری کردنی چارەنووسی مرۆڤ[٢٣] .

لاپەڕەکانی مێژوو چەندین چیرۆك‌و داستانی لەو شێوەیان بۆ دەگێڕنەوە سەرباری ئەو شێوە ناشایستەو نامرۆڤانەی کە لەجەنگی دەروونی بەکار هاتوون بۆ چەوساندنەوە و سووك کردنی مرۆڤ, بەڵام مرۆڤ بەهێزی خۆی‌و توانای بەرەنگار بوونەوەی بێ وێنەکەی توانیویەتی هەمیشە سەرکەوتوو بێت‌و سەرکەوتن بەدەست بهێنێ[٢٤] .

جەنگی دەروونی بەم شێوەیە پەیوەست کراوە بەکێشەی سەربازی نێوان دەوڵەتە ڕکەبەرە کۆنەکان‌و لەگەڵ پێشکەوتنی ڕێبازو شێوازی جەنگی سەربازی جەنگی دەروونیش لەگەڵیدا پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە[٢٥] , بەڵام چەندین سیمای تا سەردەمی نوێ بەتەواوی دەرنەکەوت کە بەشێوەیەك جەنگاوەران هەبوون لەپشت بەرەکانی جەنگەوە بەشداری شەڕیان دەکرد کە ڕۆڵیان هیچی لەو سەربازانە کەمتر نەبووە کە لەهێڵەکانی پێشەوەی جەنگدا بوون ئەگەر پتر نەبووبێ,و لەجەنگی دووەمی جیهانی زیاتر سیمای ئەم جەنگە دەرکەوت کاتێك کەبەرەکانی جەنگ بەبێ جیاوازی هەموو خەڵك و سەربازی گرتەوە[٢٦] .

جەنگی دەروونی لەبنچینەدا بە شێوەیەکی سەرەتایی بەشەڕو شۆڕەوە پەیوەست بووە، کە ئەمە هۆکارێك بووە بۆ سەرکەوتن یا سەرنەکەوتن لەو شەڕانەدا, ڕەنگە ئەو گۆڕان‌و پێشکەوتنەی کەبەسەر قۆناغەکاندا هاتووە وای کردبێت چەندین شێوازی نوێ بۆ جەنگی دەروونی بدۆزێتەوە[٢٧] , هاوکات بەشێوەی ناردنی سیخور یان بازرگانەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بڵاو بووەوە,و لەکۆندا

---

[٢١] د. فخري الدباغ: س.پ, ل٢٠" جودت عبدالكريم عواد: الحرب النفسية وشائعات الحرب,مركزالإعداد والتطوير الثقافي,بغداد،١٩٨٤، ل٧.

[٢٢] نزار جرجيس علي: حرب الكلمة,مطبعة وزارة الثقافة، أربيل ،١٩٩٨، ل٦٣.

[٢٣] كرم شلبي: الراديو والتلفزيون في الحرب النفسية, الهيئة المصرية للكتاب ، القاهرة،١٩٧٣، ل٣.

[٢٤] نزار جرجيس علي: س.پ , ل٦٣.

[٢٥] د. معتز سيد عبدالله: س.پ, ل٧.

[٢٦] پول لاينبر جر: س.پ, ل٣١.

[٢٧] وەك شێوازی ڕوناسی‌و قەبڵاندن‌و ئەقڵ‌و چەندین شێوەو شێوازی تر کە خەڵکانێکی کەم دەیانزانی لەوانە جادوگەرو فەیلەسوف‌و حەکیمەکان. (نزار جرجيس علي: س.پ, ل٦٣).

شیعرو گۆرانیو خوتبەو دەرخستنی هێز هۆکاری دەروونی بووە کەبەکاریان هێناون[٢٨], ئەم جەنگانە کۆنن بەکۆنی مێژوو تاکە جیاوازییان لەگەڵ شێوەی ئێستادا تەنیا هۆکارەکانیەوە نەبێت, لەرێگەی دەروونناسیو پراکتیزە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەتوانرێ کار بکرێتە سەر دەروون ورەی دوژمن بۆ دروستکردنی گومان لە بیروهۆشیانداو لەق کردنی باوەریان بەسەرکەوتنو پروپاگەندەی دۆراندنیانو وروژاندنی دوژمنایەتی لەرێگەی بڵاوکردنەوەی دوو بەرەکی[٢٩] ,و رەگەز پەرستیو بیرو باوەرییەوەو وروژاندنی رقو کینەی نێوان گەلو فەرمان رەواکانو هەوڵدان بۆ راکێشانی خەڵکە بێ لایەنو راراکانو ترساندنیان لەهەژاریو نەداریو مردنی نادیارەوەو بڵاوکردنەوەی ترسو پروپاگەندەی لە رادەبەدەر بۆ هێزی دوژمنو نەدۆراندنی شەر[٣٠] . کێشەی رامیاری زادەی ئەم زانستەیەو پێشکەوتنی جەنگی دەروونی پەیوەستە بە پێشکەوتنی ستراتیژیەتی سەربازیو داهێنانی ئامێری جەنگی پێشکەتوو بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی, لەراستیدا جەنگی دەروونی لەچاخە کۆنەکاندا تەنها هۆکارێك بوو بۆ پشتگیری کردن لە کردەوە سەربازییەکان[٣١] , واتە تەنها جۆرێك بووە لەجەنگی دەروونی هەر چەندە شێوەی جیا جیاو شێوازی تایبەتی هەبوو, ئەم کاری دەروونیە هیچ گرنگی نەئەدا بەرای گشتیو بەرامبەر وەك رایەك هەوڵی داوە ئەو رایە بگۆرێت لەرێگەی گۆرینی بیرو باوەریان یا هاورێیەتی کردنیانو لەئەنجامدا لەخۆگرتنیان هەموو بۆ ئەو مەبەستە کەرای دوژمنەکە دەبێ ئیرادەی تێك بدرێت بەمەبەستی لەناو بردنی تەواوەتی[٣٢] .

بابلیو سۆمەریو ئاشووری لە کوردستانو عێراقی کۆندا جەنگی دەرونیان زانیووە میسرو چینیە کۆنەکانو یۆنانیو رۆمانیەکانیش بەکاریان هێناوە, هەروەها موسڵمانەکانیش لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) پەنایان بۆ بردووە[٣٣] ,و بەڵگەی قورئانیو فەرموودەی پێغەمبەرمان لەبەر دەستدایە کەباسی تەکتیكو پلان دانان لەجەنگداو جەنگی دەروونی دا دەکات, دواتر لەسەردەمی دەوڵەتی ئومەویو عەبباسیو فاتمیو ئەیوبیو مەغۆلو ئەوانی دواتردا دەرکەوتن بەهەمان شێوە دەرکەوتن و بگرە پێشکەوتنیشی لەو بوارەدا بەخۆیەوە بینی[٣٤] .

## جەنگی دەروونی لەسەردەمی ئیسلامدا

### یەکەم : جەنگی دەروونی لە سەرەتای ئیسلام

مێژووی ئیسلام چەندین نموونەی زیندوو بەهێزی وای تێدایە کە ئاماژە بەوە دەکەن, موسڵمانەکان چەندین شێوازی جەنگیو ستراتیژیەتی سەربازییان بەکار هێناوەوئەمانەش هیچ کات بەدوور نەبوون لەفەراهەم کردنی جەنگی دەروونی[٣٥] , هەر لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی

---

[٢٨] كامل علوان الزبيدي: س.پ , ل٢١٥.

[٢٩] د. فخري الدباغ و د. قيس عبد الفتاح مهدي: س.پ, ل١٦١.

[٣٠] محمود شيت خطاب: الاسلام والنصر,دار القتيبة،ط٢،دمشق،١٤٠٥ه ، ل٦١.

[٣١] د. معتز سيد عبدالله : س.پ ، ل٧.

[٣٢] د. عبد المنعم علي الحسيني: الحرب النفسية وتأثيرها على معنوية الجماهير,دار الحرية للطباعة و النشر، بغداد،د.ط، ل٣٨٣.

[٣٣] وەك لە شەری (بنی مصطلق) موسڵمانان توانیان شکستیان پێ بهێنن, مەرو ماڵاتیانو ژنو ماڵیان ئەنفال کرد. (الطبري: تأريخ الرسل والملوك, تحقيق محمد ابو الفضل إبراهيم، دار المعارف،ط٤،القاهرة،١٩٧٩، ٣/ ١١٦).

[٣٤] مصطفى الدباغ: س.پ, ل١٥" حامد عبدالسلام زهران: س.پ, ل٢٥٤.

[٣٥] مصطفى الدباغ: س.پ, ل١٥.

ئیسلامی‌یەوە بەمەبەستی پاراستنی هێمنی‌و ئاسایش‌و سەرکەوتن بەسەر دوژمندا, جەنگی دەروونی پیادە کراوە، بەتایبەت لە کاروباری سەربازی‌و ترس بردنە دڵی دوژمنان‌و دەرخستنی هێزی ئیسلام و ڕووخاندنی ورەی هێزی بەرامبەر[٣٦], قورئانی پیرۆز بۆ جیهاد کردن بەزمان بەمەبەستی بەڵگە خستنە سەر دوژمن هانی موسڵمانانی داوە و (محەمەد)ی پێغەمبەر(د.خ) لەهەندێ لە فەرموودەکانی‌دا ئاماژە بە جیهاد بەزمان دەکات‌و دەفەرموێت (ئیمان دار بەشیرو زمان جیهاد دەکات), هەروەها دەفەرموێت (نصرت بالرعب مسيرة شهر)[٣٧]. لەم فەرموودەیەدا کورتەی کارێکی زیندووە کە ترس خستنە دڵی دوژمن بەسە بۆ ئەوەی موسڵمانان لە شەکەتی و ناڕەحەتی شەڕ دوور بخرێنەوە.

لەشکری موسڵمانەکانیش لەو شەڕانەی کە دەیانکرد گەلێ جار شانبەشانی شەڕی بەچەك جەنگی دەروونیشیان لەکات‌و شوێنی پێویستدا ڕەچاو دەکرد[٣٨], هەروەها کافرەکانیش چەندین شێوازی جەنگی دەروونیان دژی موسڵمانان بەکار هێناوەو چەندین ئایەت لە قوڕئاندا بۆ ئەو مەبەستە ورەی موسڵمانان بەرز دەکاتەوە,و زۆربەی ئەو ئایەتانە لەکاتی سەردەمی یەکەمی ئیسلام‌و لەکاتی غەزاکانی پێغەمبەردا(د.خ) نێردراون[٣٩]. دەتوانین بڵێین بەشێك لەو ئایەتانە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە جەنگی دەروونی لەلایەن دوژمنەوە بوو، زۆربەی هەوڵدەدات لە باریان بەرێت‌و بەشێکیشیان تریان هەوڵدانە بۆ کارکردنە سەر دەروون و ورەی لایەنی بەرامبەرو فشار خستنە سەریان بۆ خۆبەدەستەوەدان, لەو ئایەت پیرۆزانەدا وەك ﴿موحەممەد پەیامبەرێکەو چیتر نیە" لەپێش ئەویش زۆر پەیامبەر هاتون‌و چو'ن, ئەگەر بمرێ یان بکوژرێ, لە ئیسلام پاشگەز دەبنەوە؟﴾[٤٠].

ئەم ئایەتە ڕووی دەمی دەکاتە ئەوانەی بەشداری شەڕی (أحد)یان کردووە, ئەمەش دووەم شەڕی پەیامبەر بووە, لەم شەڕەشدا موسڵمانان شکستێکی گەورەیان خوارد, چونکە جێگاکانی خۆیانیان چۆڵ کرد, هەر چەندە پەیامبەر پێ‌ی فەرموون گەر بینیتان ئێمە سەرکەوتنی، لەجێگای خۆتان نەجوڵێن, چونکە سەرکەوتنی ئێمە بەمانەوەی ئێوەوەیە لەو جێگایاندا[٤١], بەڵام موسڵمانان گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی پەیامبەر نەبوون‌و خۆیان خەریك کرد بە کۆکردنەوەی دەسکەوتەکان, هاوکات پڕوپاگەندە کردنی ئەوەی کە پەیامبەر شەهیدکراوە, ئەمەش بەشێوەیەکی تەواو کاری

[٣٦] د. احمد نوفل: الحرب النفسية من منظور اسلامي،دار الفرقان،ط٢،عمان،١٩٨٧, ل٢٠.

[٣٧] أبن كثير: البداية والنهاية, تحقيق دار إبن حيان، ط١، القاهرة،١٩٩٦ ، ١٢٣/٤" بسام العسلي: فن الحرب الاسلامى،دار الفكر للطباعة والنشر،ط١ ، بيروت،١٩٨٨ ، ٣٥/١.

[٣٨] لەتیف هەڵمەت: سەرەتایەك دەربارەی جەنگی دەروونی لە کۆنەوە تا ئێستا, گەلاوێژی نوێ, ژمارە (١), ١٩٩٧, ل٨٩.

[٣٩] د. احمد نوفل: س.پ, ل٢١.

[٤٠] سوڕەتی ئالی عمران: ئایەتی ١٤٤, وەرگێڕانی مامۆستا هەژار, ل٦٨.((وما محمد إلا رسول قد خلت من قبله الرسل أفإين مات أو قتل إنقلبتم على أعقابكم ، ومن ينقلب على عقبيه فلن يظر الله شيئا وسيجزي الله الشاكرين )) .

[٤١] الطبري: تأريخ الرسل والملوك, ٦٦/٣" ابراهيم العلي, صحيح السيرة النبوية, تقديم عمر سليمان ،دار النفائس،ط٢،عمان،١٩٩٦ . ل٢٠٥.

کرده سەر ورەی موسڵمانان[٤٢]. لێرەدا دەبینین قورئان بەشێوەی گلەییی دەیاندوێنێ و پێیان دەڵێ موسڵمان هەڵگری نامەیەکە ئاسمانەکان توانای هەڵگرتنی نی یەو مردنی پەیامبەر مانای ئەوە نییە واز لە ئایینەکەتان بهێنن.

قورئانی پیرۆزیش گرنگی زۆری داوە بەدەرخستنی ئامانجی کافرەکان بەرامبەر بە موسڵمانەکان بەو مەبەستەی کە وریا بن و خۆیانی بۆ ئامادە بکەن و نەچن بەدەنگ خواستەکانیانەوە و دەفەرموێ ﴿ئاخۆ کەسێ دەمەورو بەهەردا دەخشێ چاکتر بەرێگە دەزانێ, یان ئەو کەسەی بە ئاسایی بەسەر ڕاستە ڕێدا دەڕوا؟﴾[٤٣]. نموونەش لەسەر ئەوە دوو ڕووەکان لە شەڕی (خندق) ویستیان گومان بخەنە دڵی خەڵکی مەدینە لەو بەڵێنانەی کەخواو پەیامبەر پێیان دابوون بۆ سەرکەوتن و جەختیان کردە سەر لایەنی ترساندن و کەم ورەیی لای موسڵمانان بەمەبەستی ئەوەی پەیامبەر لەگەڵ چەند کەسێکی کەمدا بمێنێتەوەو بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان بەو هۆیەی ئەم (خندق)ە بەهێز نییە[٤٤], تا خوای گەورە ئەم ئایەتی دابەزان و فەرمووی ﴿لەو عانەشدا ئەو کەسانەی دوڕۆ بوُن و ئەوانەش کە دەغەزێکیان لە دڵدا بوُ, هەر دەیانگوت: ئەو بەڵێنەی خوداو پەیامبەر دەیاندا هەر بۆ فریوی ئێمە بوُ. هێندێك لەوان گازی دەکرد: ئەی دانیشتوانی مەدینە! ئێرە جێگای ئێوە نیە, دەی وەگەڕێن. هێندێکیشیان دەهاتن ئیزنیان لە پێغەمبەر دەخواست: کەسمان لەسەر ماڵەکانمان دانەناوە ئاگای لێبێ. ماڵیان بێ پارێزکار نەبوو, هەر نیازی ڕاکردنیان بوو﴾[٤٥]. هاوکات پەیامبەر لە جەنگی (خندق) فەرمووی جەنگ فێڵ و زانینە[٤٦], پێش ئەوە موسڵمانەکان نەیاندەزانی کە جەنگ فێڵە, تا هاتنی (نعیم بن مسعود) بۆ لای پێغەمبەر ووتی: ئەی پەیامبەر من موسڵمان بووم و کەس و کارم پێم نازانن چیم پێ ئەمرەکەی فەرموو, پەیامبەر فەرمووی: تۆ یەك کەسی لە ئێمە لێمان دوورکەوە ئەگەر ئەتوانی, چونکە جەنگ فێڵە[٤٧].

بێگومان مانۆڕی سەربازی یەکێکە لە شێوازەکانی جەنگی دەروونی, بۆیە ئەمڕۆ دەبینین چەندین مانۆڕی سەربازی لە نێوان وولاتێك یا لەنێوان چەندین دەوڵەتدا ئەنجام دەدرێت, چونکە دەوڵەتێك یا چەند دەوڵەتێك بەهاوبەشی هەستاون بە بەمەبەستی ترس خستنە دڵی دوژمنەوە,هەروەها مانۆڕکی سەربازیان سازداوە ساڵی (٨ی کۆچی) لەکاتی فەتح کردنی مەککە

---

[٤٢] کارل بروکلمان: تأریخ الشعوب الاسلامیة, نقلة الی العربیة بنیه امین فارس و منیر البعلبکي, دار العلم للملائین،ط٧،بیروت،١٩٧٧ ، ل٥١" صلاح نصر: الحرب النفسیة, ١/ ٣٠٨.

[٤٣] سوڕەتی مولك: ئایەتی ٢٢, وەرگێڕانی مامۆستا هەژار, ل٥٦٣. ((أفمن یمشي مکبا علی وجهه أهدی أمن یمشي سویا علی صراط المستقیم )) .

[٤٤] الطبري: س.پ, ٣/٩٩" أبن کثیر: س.پ, ٤/١٢١.

[٤٥] سوڕەتی ئەحزاب: ئایەتی (١٢-١٣), وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار, ل٤١٩.(( وإذ یقول المنافقون والذین في قلوبهم مرض ماوعدنا الله ورسوله إلا غرورا * وإذ قالت طائفة منهم یاأهل یثرب لامقام لکم فأرجعوا ویستأذن فریق منهم النبي یقولون إن بیوتنا عورة وماهي بعورة إن یریدون إلا فرارا )) .

[٤٦] أبن کثیر: س.پ, ٤/٩٦" أبن خلدون: المقدمة ، دار الصادر، ١٩٧٨، ل٤٩٠.

[٤٧] الطبري: س.پ, ٣/١٠٣ .

لەلایەن موسڵمانەکانەوە پێغەمبەر پـێی فـەرموون لەشـەودا ئاگری زۆر بکەنـەوە بەمەبەسـتی تـرس خستنە دڵی دوژمن بەهێزی زۆرو ژمارەی زۆرەوە خۆتان پیشانی قورەیش بدەن[٤٨].

جەنگی دەروونی شەوو ڕۆژی بۆ نیەیە لە کۆنەوە تا ئێستا, بەشـەوان ئاگری زۆریـان لەسـەر لووتکەکان دەکردەوە بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەیان وا تێ بگات ژمارەیـان زۆرە, بـەو جۆرە زارە تـەرەك دەبوون‌و توانای شەڕیان نەدەما[٤٩].

هەروەها پەیامبەر (د.خ) بە (عباس)ی مامی ووت (أبو سفيان) لە دۆڵی مەککە زیندانی بکات ئەوەش بەمەبەستی ترساندنی دوژمن‌و ترس خستنە دڵیان, هاوکات ئەم مانۆڕە سـەربازییە یـەکێك بوو لەو ئیشانەی کە ترسی پێ خستە دڵی دوژمن تا پەیامبەر بە (كفتيه الحضراء) تێپەڕی ووتـی: سوبحانە الله یا (عباس) لـەم خەڵکە, (عباس) ووتـی ئـەی پەیامبـەر لـە (کۆچبەران‌و پشـتیوانانە – المهاجرون والانصار), ووتی ئەی قورەیشیەکان ئەوە (محمد) بـۆ ئێوە نێردراوە کەسیش لەوێنـەی ئەو نەنێردراوە[٥٠].

پێغەمبەر لەکێشە گەورەکان و بەڕێوەبردنی جەنگەکاندا ئامادە بوونی هەبووەو بگـرە ئامـادە بوونی کاریگەری دەروونی هەبووەو بوونی پێویستیەکی گەورە بووە بـۆ بەدەسـت هێنـانی ئامانجـە ستراتیژیەکان ئەوەش ئاشکرایە لـەکۆی (٢٨) غـەزادا پەیامبـەر سـەرکردایەتی (١٩) یـانی کـردووەو بەبێ شەڕیش ئامانجەکانی پێکاوە[٥١].

دوژمنەکان لە ترسی ئەنجامەکانی ڕایان کـردووە, بۆیـە بڕیاری‌دا کـە جیهـاد کـردن بـە زمـان وەك جیهاد کردنە بەچەك‌و سامان‌و گیان,و لەم بارەیەوە بە (حسان بن ثابت)ی ووت: ئەی (حسـان) هــەجووی کافرەکـان بکـە بـە (جنێـو–قسـەی ناشـرین– داشـۆرین)و (جبرائيـل) لەگەڵتایـەو ئەگـەر هاوەڵەکانم بەچەك شەڕیان کرد تۆ بەزمان شەڕ بکە[٥٢].

ئەمـەش دان پیانـانێکی شـاراوەیە لەلایـەن پەیامبـەرەوە بـەوەی کـە جـەنگی دەروونـی زۆر کاریگەر ترە لە جەنگی پراکتیکی.

کاریگەرترین جەنگی دەروونی کە کافرەکـان دوای کۆچـی دوایـی پەیامبـەر بەکاتـژمێرێك لـە مردنەکـەی بـەرپایانکرد, دەسـتیان کردبـوو بـە بانگەشـەی تـەواوبوونی ئیسـلام دوای مردنـی پەیامبەرەکەی و زیندوو نەبوونەوەی و گومانی پەیامبەر نەبوونی خستە دەروونی موسـوڵمانانەوە بــەوەی کــە دەیــانگوت: ئەگــەر موحەممــەد پەیامبــەر بوایــە نــەدەمرد و لــەناو موســوڵماناندا دەمایەوە[٥٣].ئەم جەنگە زۆر تینی سەندو کاریگەر بوو تەنانەت کاری لە (عمر بن الخطـاب)یش کرد

---

[٤٨] الطبري: س.پ, ٣/ ١٦٩.

[٤٩] لەتیف هەڵمەت: سەرەتایەك دەربارەی جەنگی دەروونی لە کۆنەوە تا ئێستا س.پ, ل٨٩.

[٥٠] الطبري: س.پ, ٣/ ١٧٠" نهاد عباس الجبوري: العمليات التعرضية والدفاعية عند المسلمين,دار الحرية للطباعة، بغداد،١٩٨٧، ل٦٧.

[٥١] محمود شيت خطاب: بين العقيدة والقيادة, دارالفكر ، ط٢، بيروت ،١٩٨١، ل١٤٠.

[٥٢] أبن كثير: س.پ, ١٥٥/٤.

[٥٣] محمود شيت الخطاب : ه . س،ص ١٤١ .

کە بەشمشێرەکەیەوە لەماڵ هاتە دەرو هەڕەشەی لەو کافرانە کرد کە بەخێرایی مردنی پەیامبەریان بڵاو کردەوەو، ووتی (سەری ئەو کەسانە دەبڕم ئەم هەواڵە بڵاو دەکەنەوە)[٥٤].

بارودۆخەکە هەروا بەشڵەژاوی مایەوەو هەندێ کەس خەریك بوو واز لەبیرو باوەڕی خۆیان بهێنن و کافرەکان بەم بارودۆخە زۆر دڵخۆش بوون تا ئەو کاتەی‌کە (أبوبکر الصدیق) کێشەکەی یەك لا کردەوەو لە خوتبە بەناو بانگەکەی‌دا ووتی (خەڵکینە! هەر کەسێك موحەممەدی دەپەرست, بەڕاستی موحەممەد مرد, ئەوەش خوای دەپەرست ئەوا خوا زیندووەو نامرێ!)[٥٥].

هەروەها قورئانی پیرۆز بۆ خۆ ئامادە کردن بەشێوەیەکی ئیجابی ڕێنمایی دەکات بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمنان وەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەردەکەوێت ﴿تا بۆو دەکرێ چەك و جبەخانەی شەڕو ئەسپی سواری پەیدا بکەن" دوژمنی پێ بترسێنن" کە دوژمنانی خوداشن. غەیری وانیش دوژمن هەن نایان ناسن, بەڵام خودا دەیان ناسی﴾[٥٦]. هەروەها نموونەیەکی‌تر باس لەخۆ پڕ چەك کردنی دەروونی و گرنگی ئەم جۆرە جەنگە لەم باسەدا دەردەکەوێ کە نموونەیەکە لە مێژووی ئیسلامی لە ڕۆژ ئاوای عەرەبی کاتێ (طارق بن زیاد) گەیشتە دەوروبەری شاخ بۆ فەتح کردنی (اندلس)[٥٧] سەیری کرد کە دوژمن ژمارەیان زۆرەو لە حاڵەتی بەرگری کردندان و سوپاکەی ئەمیش زۆر لەوان کەمترە لە حاڵەتی هێرشدان و هەستی بەم لێپرسراوییە گەورەیە کرد دەستی بە سووتاندنی هەموو ئەو کەشتیانەکرد کە لە باکووری ئەفریقیاوە پێی هاتبوون بۆ (اندلس)و بە سوپاکەی ووت: ئەی سەربازەکان دوژمن بەرامبەرتانەو دەریاش لەپشتانەوەیەو چارەیەکتان نی‌یە تەنها مردن یا سەرکەوتن نەبێت,و ئەمەش دەستەبەر نابێ ئەگەر لەدەستی دوژمنەکانتان ڕزگارتان نەبێ [٥٨].

سوپاکە دەستیان بەجەنگ کرد تا سەرکەوتن بەسەر دوژمندا, ئەم جەنگە دەروونی‌یە جەنگێکی پۆزەتیڤ بوو کە بووە هۆی سەرکەوتن و نموونەی بەهێزی ئیرادەیە, لەوانەیە کاریگەری ورە ببێتە هۆی یەکلاکردنەوەی جەنگ.

جەنگی دەروونی بە کۆتایی سەردەمی پەیامبەر کۆتایی نەهات بەڵکو لەسەردەمی خیلافەی ڕاشیدی درێژەی هەبووو خەلیفەکان پەیرەویان دەکرد, سەرەتا (أبوبکر الصدیق) بە بزووتنەوەی

---

[٥٤] د. علي ابراهيم حسن: التأريخ الاسلامي العام, مكتبة النهضة المصرية،القاهرة،١٩٧٧، ١/ ٢١٤" د. صلاح عبد الفتاح الخالدي: خەلیفەکانی راشیدین, وەرگێڕانی فاتح سەنگاوی, چاپخانەی نازە،چ١،هەولێر،٢٠٠٢ ، ل٤٠.

[٥٥] الطبري: س.پ, ٣/ ٢٥٤" ابن كثير: س.پ, ٥/ ٢٧٨-٢٨٠" پاشان (ئەبوبەکری صدیق) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿موحەممەد پەیامبەرێکەو چیتر نیە" لەپێش ئەویش زۆر پەیامبەر هاتوون و چوون. ئەگەر بمرێ یان بکوژرێ, لەئیسلام پاشگەز دەبنەوە؟ هەر کەس پاشگەز ببێتەوە, زیانێك بەخودا ناگەیەنێ. خوا پاداشتی سوپاسگوزارانی دەدا﴾. سوڕەتی ئەنفال: ئایەتی ١٤٤, وەرگێڕانی مامۆستا هەژار, ل٦٨.((وما محمد إلا رسول قد خلت من قبله الرسل أفإين مات أو قتل إنقلبتم على أعقابكم ، ومن ينقلب على عقبيه فلن يظر الله شيئا وسيجزي الله الشاكرين )) .

[٥٦] سوڕەتی ئەنفال: ئایەتی ٦٠, وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار, ل١٨٤ . ((وأعدوا لهم ماأستطعتم من قوة ومن رباط الخيل ترهبون به عدو الله وعدوكم وآخرين من دونهم لاتعلمونهم الله يعلمهم وما تنفقوا من شئ في سبيل الله يوفى اليكم وأنتم لاتظلمون )) .

[٥٧] ل.ا.سيمينوڤا : تاريخ مصر الفاطمية ،ت . حسن بيومي ، المجلس الاعلى للثقافة ، القاهرة ،٢٠٠١، ل٣٢ – ٣٣ .

[٥٨] أبن خلكان: وفيات الاعيان, تحقيق ،إحسان عباس ،دارالثقافة،بيروت،١٩٦٨ ، ٥/ ٣٢٠" المقريزي: نفح الطيب من غصين الاندلس الرطيب, ت.محمد محي الدين عبدالحميد، القاهرة، ١٣٦٧ه ، ١/١١٣-١١٤.

هەڵگەڕاوەکان دەستی پێکرد[٥٩], دواتر (عمر بن الخطاب) لەکاتی لەشکر کێشیان بۆ فراوانکردنی قەلەمڕەویان بەناوی فتوحاتی ئیسلامی دەستیپێکرد و لەوانە خاکی کوردستان . و فەرمانی دابوو بە (سعد بن أبی وقاص) بە کوشتنی (سەرکردە)[٦٠]و (دیلەکان)[٦١] لە سەرەتای شەڕەکانو فڕێدانی لەپێش چاوی خەڵکی بۆ ئەوەی ترس بخەنە دڵو دەروونیان بەمەبەستی چۆك پێ‌ی دادانیانو ڕووخاندنی[٦٢].

دوای ئەوە (عثمان بن عفان) شکستی خوارد لەبەر پرسیارێتی دەسەڵاتی خەلافەتو نەیتوانی وەکو خەلیفەی بەهێزی پێش خۆی (عمر بن الخطاب) دەسەڵاتی بەرێت بەڕێوە بۆیە کوژراو کورسی دەسەڵات جارێکی دیکە چۆڵ بووەوەو کێشەی سەر لەنوێ دەستی پێکردەوەو بارودۆخەکە جارێکیتر ئاڵۆز بووەوە وەك یەکەم کێشە لەسەر (سقیفە) کە پڕی بەنی ساعیدە کۆتایی پێ هێنرا کە نموونەی سیاسەتبازیو فرتو فێڵو شتی چاوەڕوان نەکراو بوو[٦٣], دوای جەنگی کوشندە لەم دەوڵەتە لەنێوان لە شکری (علي بن ابي طالب)داو لەشکری (معاوية بن ابي سفيان) ڕوویدا لە هاوینی ساڵی (٣٦ك/ ٦٥٧ز) کە بەشەڕی (صفين) ناسرا[٦٤], بێگومان کۆمەڵێ پڕوپاگەندەی چڕو پڕ لەهەردوو لایەنەوە دەستی پێکرد, سەرەتا تەرازووی شەڕەکە بەلای سوپای (علی بن ابي طالب) شکایەوەو خەریك بوون سەرکەوتنی کۆتایی بەدەست بهێنن, بەڵام هەندێ لە سوپای بەرامبەر قورئانیان لەسەر ڕمەکان بەرز کردەوە بۆ ئەوەی جەنگ بوەستێننو داوای بەسەردا چوونەوەی کێشەی نێوان هەردوولایان دەکردو (علي) بەناچاری ڕازی بوو[٦٥].

ئەوەی ڕاست بێت (معاویە) جگە لەخۆ ئامادەکردنی سەربازی بەشێوەیەکی سیاسیش خۆی بۆ ئەم شەڕە ئامادە کردبووو کۆمەڵێ خەڵکی شارەزا کە توانای ئەوەیان هەبوو بارودۆخەکە بگۆڕن لە دەوری خۆی کۆی کردبوونەوە، یەکێك لەو کەسانە (عمرو بن العاص) بوو کە دوای مشتو مڕو گفتوگۆ پەیوەندی کرد بە سوپای (معاویە)وە، کە (علي) ناچار کرد بەدادوەری ڕازی بێت ئەویش لەڕێگەی خەڵکێکی زۆرەوە لە سوپاکەی کە وورەیان لەدەست دابوو[٦٦], لێرەدا جەنگی دەروونی دەستی پێکرد کاتێ (عەلی) بەدادوەری ڕازی بووو (أبو موسی الاشعري) لە جێی خۆی ناردو (معاویە)، (عمرو بن العاص)ی هەڵبژاردو هەردوولا بڕیاریاندا کە بڕیارەکانیان یەکلا کەرەوەیە[٦٧].و

---

[٥٩] الطبري: س.پ, ٣/ ٢٨٢.

[٦٠] بسام العسلي: س.پ, ٣٥/١.

[٦١] ابن عبد ربه: العقد الفريد,تحقيق محمد سعيد عريان ، دارالفكر، بيروت،د.ط، ٤٠/١.

[٦٢] بڕوانە شوان عوسمان مستەفا: کوردستانو پڕۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد, چ١، چاپ و پەخشی نما ، سلێمانی ،٢٠٠٢،ل١٤١–١٤٨.

[٦٣] الطبري: س.پ, ٣/ ٢٦٤" ابن كثير: س.پ, ٢/٢٨٢_٢٨٤.

[٦٤] أبن كثير: س.پ, ٣٠٤/٧.

[٦٥] الطبري: س.پ, ٣٢٩/٥–٣٣٠.

[٦٦] المسعودي: مرجع الذهب و معاون الجواهر, تحقيق محمد مفيد محمد، دار الكتب العلمية، ط١ ، بيروت،١٩٨٦، ٣٥٠/٢" حسن ابراهيم حسن: تأريخ الاسلام السياسي و الديني والثقافي و الإجتماعي, دار الجيل ، ط١٤ ، بيروت ،١٩٩٦، ٣٠٣/١.

[٦٧] ئەوەی شایەنی باسە خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە بۆ بیستنی بڕیاری هەردوو لایەنو بڕیاری لادانی (عەلی و معاویە) دراو موسڵمانان خەلیفەیەکی نر هەڵبژێرن, سەرەتا (ابو موسی) (عەلی) لەکار خست ووتی چۆن ئەم مستیلە لەپەنجەم دەردەکەم واش (عەلی) لەکار دەخەم, (عمرو بن العاص) ڕەزامەندی خۆی دەربڕی‌و لەم کاتە (عمرو بن العاص) وەك تەقینەوەی بۆمبێك بڕیار دەدات بە دانانی (معاویە بن أبی سفیان) بەخەلیفەی موسڵمانان هەروەکو چۆن شمشێرەکەی لە کیفەکەیدا جێگیر دەکات, بەمەش فرو فێڵی ئەم پیاوە دەردەکەوێت. (أبن

ئەنجامی ئەم جەنگە دەروونییە سارده  جەنگێكی خوێناوی گەورەی لێكەوتەوەو بووە هۆی لەناو بردنی چەندین هەزار موسڵمانی بێ تاوان,و ئەم جەنگە لە ساڵی (٣٧ك/ ٦٥٩ز) ڕوویدا نزیكەی (١٢) دوانزە هەزار كەس لە سوپای (علي) جیا بوونەوەو ڕەخنەیان لەو دادوەرییە گرتو دروشمی "لا حكم الا لله)" یان بەرز كردەوە,و ئەم تاقمە بە (الخوارج) ناسران لە دواییدا شۆرشگێڕەكانیان كاریگەریەكی گەورەیان هەبوو لە مێژووی ئیسلامدا[٦٨].

**دووەم : جەنگی دەروونی لە دەوڵەتی ئومەوی**

**٤١ك/ ١٣٢ك – ٦٦١ز- ٧٥٠ز**

ئومەوییەكان چەندین جۆری جەنگی دەروونیان دژی نەیارەكانیان بەكار دەهێنا لە سیاسەتو پڕو پاگەندەو ترساندنو چەوساندنەوەو ڕەگەز پەرستیو ئاوارە كردن[٦٩],و چەندین فەرموودەیان بەناوی پەیامبەرەوە دانا كە خزمەت بە سیاسەتیان بكات,و جەنگی پڕوپاگەندەیی بەئاشكرا لە فەرموودەی ئایینیو شیعردا ڕەنگی دایەوە,و لەم نێوانەدا فەرموودە ڕاستەكان لەنێو فەرموودە داتاشراوەكاندا ون دەبوونو زانایانی ئایینی هەوڵێكی زۆریان دا بۆ جیا كردنەوەی ئەم فەرموودانە[٧٠], (معاویە) پیاوێكی فێڵباز بوو لەنێو عەرەبەكاندا, و عەرەبەكانیش زۆر شانازییان بەفرفێڵەوە دەكردو ڕەنگە فێڵ بازی تەنها ئەلتەرناتڤی ئازایەتی بووبێت لای عەرەبەكان[٧١], روداوێك لە (معاویە) دەگێڕنەوە كە بەڵگەیەكی فێڵبازی (معاویە) پیشان ئەدات "شمشێر بەكار ناهێنم ئەگەر قامچیم بەس بێت,و قامچی بەكار ناهێنم ئەگەر زمانم بەس بێت, هەرچەندە نێوان منو خەڵكی تاڵە موویەكی نەپساوە. ووتیان چۆن ئەی (أمیر المؤمنین)؟ ووتی: ئەگەر ڕایان كێشا بەری دەدەمو ئەگەر بەریان دا ڕایدەكێشمو ئەگەر یەكێكیان پێی دام گەرچی لەمن بێت بەدیاریو پارەو پول زمانی دەبڕمو بیانووی ناهێڵم, یان لەمە زیاتر دەینارد بۆ شەڕو پێشی دەخست"[٧٢].

لەزۆر شوێندا كارامەییو شارەزایی (معاویە) لە دەروونی خەڵكی بە ئاشكرا دیارە, لێرەدا دوو نموونە دەخینە ڕوو:

یەكەم: (زیاد بن أبیه) ووتی یەكێ لە پیاوەكانم خەرجی زۆر بوو, ئەترسا سزای بدەمو ڕای كرد بۆ لای (معاویە)و (زیاد) نامەیەكی بۆ ناردو پێی ووت ئەمە شتێكی بێ ئەدەبیە لەو پیاوەو (معاویە) بۆی نووسییەوە نابێ منو تۆ یەك سیاسەتمان هەبێ بەرامبەر بەخەڵكو پێكەوە نەرمو نیان بینو پێكەوە توندو تیژ بینو خەڵكی بەرەو فەوتان بچن, دەبێ یەكێكمان نەرم بینو ئەوەی ترمان توندو تیژ[٧٣].

---

الاثیر: الكامل في التأریخ, دار أحیاء التراث العربي ، بیروت ، ١٩٩٤، ٢/٣٨٦" أبن كثیر: س.پ, ٧/ ٣٣٣-٣٣٤" كارل بروكلمان: س.پ, ل١١٨-١١٩).

[٦٨] أبن كثیر: س.پ, ٧/ ٣٢٧-٣٣٢" حسن ابراهیم حسن: س.پ, ١/٣٠٧-٣٠٨.

[٦٩] د. فخري الدباغ: الحرب النفسیة, ل٦.

[٧٠] د. هاشم عبد الرحمن محمد عیسى: قضایا ومواقف من التاریخ العباسي,ط٢،دارالنشر ، القاهرة،٢٠٠١، ل٨٠.

[٧١] د. فلیب حتي وأخرون: تأریخ العرب، دار الغندور للطباعة والنشر،ط٥،لبنان،١٩٧٤ ، ل٢٥٨.

[٧٢] محمود شیت خطاب: قادة فتح الشام و مصر,بیروت ، ١٩٦٥،ل١٨٣-١٨٤.

[٧٣] محمود شیت خطاب: هەمان سەرچاوە, ل١٨٥.

ئەم شتەش لە دەروونناسیدا پێی دەوترێت پاداشتو سزاو جەختی لەسەر دەکاتو شیکاری دەروونیش جەخت لەسەر خۆشیو ناخۆشی دەکاتەوە.

(معاويە بن أبی سفيان) ئەم شتانەی لە قورئانەوە فێر بووە چونکە قورئان جەخت لەسەر بنەمای سزاو پاداشت دەکاتەوەو لەچەندین ئایەتدا[٧٤].

دووەم: جۆرێکی تر لە فێڵبازی(معاويە) گومان خستنە نێو نەیارانیەتی لەکاتێکدا ئەم گومانە ئاسانترین کار بوون بە هۆی زۆری گۆڕانکاری لەدەوڵەتو پاشانشینەکانی دۆستی ئەمڕۆ و نەیاری سبەی، یان نەیاری دوێنێو دۆستی ئەمڕۆدا[٧٥], ئەگەر بیویستایە یەکێك لە (بطريق)ەکانی ڕۆم بۆ لای خۆی ڕابکێشێت نامەیەکی بۆ دەنووسیو لەگەڵ کۆمەڵێ دیاریو پاداشت بە پەیامنێرێکدا بۆی دەنارد کە تیایدا ستایشی ئەو (بطريق)ە کەی کردبێت, ئەم نامەیە لەو نامەیە دەچووکە وەڵامی ئەوە بێت داوای لێکرا بێ غەدر بەسەرکردەکانی ڕۆم بکاتو بە پەیامنێرەکەدا بەڕێگایەکی تر دەینارد لەڕێگا سەرەکیەکە کە ڕێگای سێخوڕەکانی بووە,و ئەگەریش لەلایەن ڕۆمەکانەوە بگیرایە کە خۆشی ئەوەی مەبەستە ئەوا گومان دەکەوتە سەر (بطريق)ەکەو لە ئیشو کارەکانی دووریان دەخستەوە[٧٦].

هەروەها (معاويە) زۆر جار خەڵکی بە هەنگوین دەکوشت تەنانەت دەڵێن (حسن بن علي بن أبي طالب)ی لە ڕێگەی (جعدە)ی ژنی حەسەنەوە کوشتووە, کاتێك بەپیلانی(معاويە)ژەهری کردۆتە نێو هەنگوینو بەحەسەنی داوە بەوهیوایەی دوای مردنی حەسەن، (معاويە)بیخوازێت وەك پەیمانی پێدابوو, بۆیە زۆر جار دەیگوت "ان لله جند في العسل"[٧٧].

### سێیەم : جەنگی دەروونی لە دەوڵەتی عەبباسی

### ١٣٢ك - ٦٥٦ك / ٧٥١ز - ١٢٥٨ز

مێژووی بانگەوازی عەبباسیەکان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە چەند گرنگیاندا بەم جۆرە شێوازە لەپێناو دەستە بەر کردنی ئامانجە سیاسیەکانیان, بۆ نموونە نوێنەرانو پێشەوایانی ئەم بانگەوازە بە پۆشاکی بازرگانی دەچوونە نێو خەڵکییەوە بۆ ئەوەی گومانیان لێ نەکەنو سەد لە سەد ئامانجەکانیان بپێکن[٧٨], ڕاگەیاندنی عەبباسیەکان گرنگیەکی زۆری دەدا بە پڕوپاگەندەو لایەنی دەروونی لەکاری سیاسیدا, بۆ نموونە ئەم بانگەشە سەرەتا لەژێر دروشمی (الرضی من ال محمد) یان بەرز کردەوە, لەڕاستیدا دروشمەکانی پێچەوانەی کارەکانیان بووە[٧٩],و یەکێك لە

---

[٧٤] ﴿ چاکەو خراپە هەمبەرنین" تۆ هەمیش وەرامی چاکتر بدەوە, ئەوسا کەسێ کە لەگەڵ تۆدا دوژمنە, دەبێتە دۆستی نزیکت ﴾, سوڕەتی فصيلت: ئایەتی ٣٤, وەرگێڕانی مامۆستا هەژار, ل٤٨٠" (( ولاتستوي الحسنة ولاالسيئة إلا بالتي هي أحسن لإذا الذي بينك وبينه عداوة كأنه ولي حميم * ولقد أرسلنا من قبلك رسلا الى قومهم فجاء وهم بالبينات فانتقمنا من الذين أجرموا وكان حقا علينا نصر المؤمنين)) ﴿بەر لەتۆش زۆر پێغەمبەرمان ناردە سەر گەلانی خۆیانو گەلێ بەڵگەی پتەویان بردە لایان. جا ئەوانەی دژیان وەستا, وە بەر تۆڵەی ئێمە کەوتن" ئەوەی بڕواشیان پێکردن, هەر خۆمان یارمەتیمان دان ﴾, سوڕەتی ڕۆم: ئایەتی ٤٧, وەرگێڕانی مامۆستا هەژار, ل٤٠٩.

[٧٥] د. حسن ابراهيم حسن: س.پ, ١/ ٢٣٣.

[٧٦] عباس محمود العقاد: معاوية بن ابي سفيان, المكتبة العصرية،بيروت،د.ط. ل٤٥-٤٦.

[٧٧] فاضل الفراتي: المعاهدة بين الامام الحسن و معاوية بن أبي سفيان, مطبعة سيد الشهداء،ط١، ايران،١٤٢١ه ، ل١٣.

[٧٨] د. هاشم عبد الراضي محمد عيسى: س.پ ل٥٤.

[٧٩] د. فاروق عمر: طبيعة الدعوة العباسية, دارالارشاد،بيروت،١٩٧٠، ل١٩٧.

تایبەتمەندییەکانی جێگیر بوونی بناغەی پرۆسەی بانگەوازی عەبباسی پلان دارشتن بوو بۆ ئیستغلال کردنی هەموو ئەو کەسانە کە رکیان لە دەسەڵاتی خەلافەتی ئومەوی دەبووەوە[٨٠], ئەمەو جگە لەوەی کە هیچ دوو دڵ نەبوون لە پێشوزای کردنی هەموو بیرۆکەیەك یاخود کەلە کۆمەیەکی دژو توانای روو بەروو بوونەوەی ئومەویەکانی هەبێت لەهەر ناوچەیەکی جیهانی ئیسلامی[٨١], بەڵام دوای جێگیر بوونی دەسەڵاتی خەلافەتی عەبباسی, راستیو مەرامەکانیان دەرکەوت, چونکە هەموو هەوڵو چالاکییەکانیان لەپێناوی بن بر کردنو ریشەکێش کردنی هەموو ئەندامێك لە ئەندامانی ئەو بزوتنەوەیە کە بەپێچەوانەی راستی بزووتنەوەی عەبباسی یاخود مەترسی هەیە لەسەر دەسەڵاتی خەلافەتی عەبباسی[٨٢], بەڵام لەهەمووی گرنگتر کە جێگای سەر سورمانە لەو پێش هاتانە ئەوە بوو گەورەی بانگەشە کە نوێنەرو کرۆکی فەرماندەی ئەم بزووتنەوەیە بوون, بەڵام بەگەیشتنی عەبباسیەکان بۆ سەر دەسەڵاتو جێگیر بوونی پایەی خەلافەت پرۆسەی لەناو بردنی فەرماندەو سەرکردەکان بە کوشتنی (أبو سلمة الخلال) دواتر (أبو مسلم الخراساني) دەستی پێکرد [٨٣] رانەوەستا بەڵکو زۆربەی زۆری پیاوانی ئەم بزوتنەوەی گرتەوە, ئەمەو جگە لەوەی کە تایبەت بێت بەململانێ لەسەر دەسەڵات بەڵکو لەوە زیاتر پەرەی سەند ئەویش ململانێ لەنێوان بانگەوازان کە پەیوەندی هەبوو بەلێدانی ئامانجەکانیانو بەرژەوەندییەکان[٨٤].

### چوارەم: جەنگی دەروونی لە دەوڵەتی فاتمی

### ٢٦٧ك – ٩٠٩ز / ٥٦٧ك – ١١٧١ز

لەسەردەمی دەوڵەتی فاتیمیدا گرنگیەکی زۆر بە جەنگی دەروونی دراو بەشێوەی پروپاگەندە بەکاریان دەهێنا چ بەشێوەی ئاشکرا یان بە نهێنی لەگەڵ هەڵبژاردنی گونجاو و رێكو شێوازی جیاواز بەرامبەر ئیمان دارو بێ ئیمانو نەزانو خەڵکی بەگشتی, لەم سەردەمەدا راگەیاندن شێوەیەکی رێكو پێکتری وەرگرت وەك لە سەردەمەکانی پێشووتردا کە بنچینەی دەوڵەتی فاتمی پروپاگەندەو بانگەشە بوو چ بەشێوەی نهێنی یان ئاشکرا[٨٥],لەگەڵ رەچاو کردنی شێوازی گونجاو بەرامبەر بەخەڵك, دەربارەی بانگەشە لەدەوڵەتی فاتیمیدا ئەم دەوڵەتەش وەك ئەوانی تر بەشداری لەم بوارەدا کردووە, بۆ نموونە پروپاگەندە لە مەغرب خرایە ئەستۆی کەسێکی زمان زانو زمان پاراویان کە (أبو عبدالله حسين الشيعي) بوو بەناوی (أبو عبدالله)کە لەو ساڵەدا بەرەو حەج کەوتە رێ بەمەبەستی ئەوەی لەگەڵ ئەو خەڵکانە کۆ ببێتەوە کە بۆ حەج دەچوونو شارەزایی هەڵسو کەوتو مەزهەبیان بێت[٨٦], لەو ساڵە کۆمەڵێك خەڵکی لە هۆزی (کتامە)ی وڵاتی

---

[٨٠] د. حسن ابراهيم حسن: س.پ, ٢/٨٠.

[٨١] د. فيليب حتى وأخرون س.پ, ل٣٤٨-٣٤٩.

[٨٢] د. هاشم عبد الرضى محمد عيسى: س.پ, ل٨٤.

[٨٣] الطبري: تأريخ الرسل والملوك, ٩/ ١٢٦" د. حسن ابراهيم حسن: س.پ, ٢/٨٦.

[٨٤] د. حامد ربيع: س.پ، ل٣٥.

[٨٥] د. فخري الدباغ: الحرب النفسية. ل٨.

[٨٦] المقريزي: اتعاظ الحنفاء باخبار أئمة الفاطمين الخلفاء،,تحقيق : جمال الدين الشيال،دار الكتب العربي، القاهرة،١٩٤٨، ل٧٤-٧٥" كارل بروكلمان: س.پ, ل٢٥١.

مـەغریبی بینـی و لێـی دوور نەکەوتنـەوەو بەتـەواوی تێکـەڵاویان بـوو, نزیکـەی دە کـەس دەبـوون و پرسیاری وولاتەکەیانی لێکردن و بۆیان وەسف کردو پرسیاری مەزهەبی لێیان کرد, بەزمان زانی و زمان پاراوی خۆی توانی مێشکیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ[٨٧], تاکاتی ئەوە هات بگەڕێتەوە بۆ وولاتەکەی خۆیان پرسیاری دەربارەی خۆیان لێ کردن و پێی ووتن: من خزمەتی دەسەڵاتدارێکم دەکردو هەستم کرد ئەمە شتێکی باش نییەو بەدوای کارێکی حەڵاڵدا گەڕام و قورئان فێرکردنی منالآنم بەحەلاڵ تر ئەزانی و پرسیاری ئەم ئیشەم کرد ووتیان لە وڵاتی میسرە,و پێیان ووت ئێمە بە میسردا تێدەپەڕین و سەرە ڕێگامانەو لەگەڵمان وەرە, لەگەڵیان بەڕێکەوت لەڕێگادا چەندین پرسیاری لێکردن و قسەی بۆ دەکردن بۆ لای مەزهەبی خۆی ڕایدەکێشان تا دڵیان پڕ بوو لە خۆشەویستی ئەم پیاوەو حەزیان کرد لەگەڵیان بچێت بۆ وولاتەکەیان و منالآنیان فێری خوێندنەوەی قورئان بکات[٨٨], بەهۆی دووری ڕێگاکەوە داوای لێبوردنی لێکردن و پێی ووتن ئەگەر لە میسر کارەکەم ئاسان بوو ئەوا دەمێنمەوە، ئەگەر نا ئەوا لەگەڵتانا دێم بۆ (قیروان)[٨٩],و گەیشتە میسر ماوەیەك لێیان وون بوو و دوایی بینیانەوە پێی ووتن کە کارەکەی لە میسر سەری نەگرتووە, ئەمەش مەبەستی خۆی بوو کە ماوەیەك خۆی لێشاردنەوە تا کاریگەری ڕاستەوخۆ لە دڵ و دەروونیاندا بەجێ بهێڵێت, دواتر ئەوانیش پێیان ووت لەگەڵیان بچێت بۆ قیروان[٩٠], بەم شێوەیە ئەم بانگەشە کەرە ئامانجەکانی خۆی پێکاو توانی خزمەتێکی گەورە بەمەزهەبی شیعی و بانگەوازی فاتیمی بگەیەنێت.

## پێنجەم : جەنگی دەروونی لای مەغۆلەکان

لە نموونەی مێژووییانەی جەنگی دەروونی کە تا ئێستا کاریگەری بەسەر خەڵکی‌یەوە مابێت شەڕەکانی جەنگیز خانە, ئەوەی باوەو بڵاوە ئەوەیە جەنگیز خان ژمارەیەکی زۆری جەنگاوەرو سوارەی ئازای لەتەتەر کۆکردەوەو بەو هێزە زۆرەوە دونیای بڕی[٩١], ئیمپراتۆریەتیەکەی لەسەر شێوەیەکی سەربازی گەورە توانی بنیات بنێت ئەویش بەبەکارهێنانی هێزی ئامادەو بەکارهێنانی سیخورو پشت بەستن بەچەمکی ڕاگواستن کە ئاسیاو ئەفریقیای گرتەوە لەگەڵ بەکار هێنانی پڕوپاگەندە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست[٩٢]. ئەوەی هیچ گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە مەغۆلەکان دژی (سانج) لە چین و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە ئەورووپا دەجەنگان[٩٣].

---

[٨٧] أبو الفداء: المختصر في أخبار البشر,دار المعرفة للطباعة والنشر، بيروت ، د.ط ، ٦٣/٢" د. حسن ابراهيم حسن, س.پ, ٣/ ١٥٣.

[٨٨] ل – ا – سيمينوڤا: نأريخ مصر الفاطمية, ترجمة و تحقيق حسن بيومي, ل٣٢.

[٨٩] د. فيليب حتي وأخرون: س.پ, ل٧٠٤.

[٩٠] النويري: نهاية الارب في فنون الادب, حققه : محمد محمد أمين وآخرون، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب،مصر ،١٩٩٢، ٧٨/٢٨.

[٩١] مصطفى الدباغ: س.پ, ل١٦.

[٩٢] صلاح نصر: حرب العقل والمعرفة,دار الخيال،ط٢٠٠٢،١ ل١٦.

[٩٣] لەڕاستیدا ماوەی نێوان ئەم دوو بەرەیە نزیکەی (٤٠٠٠) چوار هەزار میل دەبوو کە خۆیان بەم شتەیان نەدەزانی و ڕەنگە تەنها بە چیرۆك گوێیان لێ بووبێت یان هەر بەیەکتریان نەزانیبێت. (صلاح نصر: الحرب النفسية, ٦٣/١).

مەغۆلیەکان کاری سیخوریان لە پلانی جەنگدا بەکار دەهێناو پشتیان بە پڕوپاگەندەو چیرۆکی جۆراو جۆر دەبەست بەو مەبەستەی بەرگویی دوژمن بکەوێتو بەم ژمارە زۆرەیە بزانن کە بۆیان ئامادە کراوە[٩٤], هەروەها خۆیان گوێیان بەقسەی دوژمن نەدەدا کە لە دژیان دەکراو تەنها ئەوەیان لا مەبەست بوو دوژمن بترسێنن, ئەوروپییەکان بە سوپای مەغۆلو سوارەکانیان دەوت (هێزێکی بێشومار)[٩٥] ,بۆیە دەتوانین بڵێین جەنگی دەروونی ڕاوکردنێکی زیرەکانەی دوژمنە بەبڵاو کردنەوەی پڕوپاگەندە لەناو ڕیزەکانی دوژمندا لەڕێگەی سیخورو بازرگانەکانەوە بەشێوەیەك دانیشتوان توانای بەرگریان نەدەما, جەنگیز خان سیخورەکانی دوژمنی بەمەبەستی ترساندنی دوژمنەکان بەکار دەهێنا, ئەویش بەوەی کەهەر سیخورێکی دوژمنی بگرتایە چەندین پڕوپاگەندەی دەربارەی هێزی مەغۆلی دەخستە پێش چاوی‌و دیاریشی پێشکەش دەکردو بەرەڵای دەکرد بەو مەرجەی نەگەڕێتەوە[٩٦]. یەکێ لە مێژوو نووسە ئەوروپیەکان دەڵێ جەنگیز خان پێش داگیر کردنی خوارزم سیخورەکانی سوڵتانی دەگرتو دوای ئازادی دەکرنو یەکێ لەوانە دەڵێ: گەورەم هەموویان توندو تیژنو لە زۆرانبازەکان دەچنو تەنها ئارەزووی جەنگو خوێن دەکەنو حەز بەشەڕ کردن دەکەنو سەرکردەکانیان ناتوانن ساردیان بکەنەوە[٩٧]. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاگرە سوورە دەچن بەڵام هەموویان گوێ ڕایەڵی سەرکردەکانیانو دڵسۆزییەکی تەواویان بۆیان هەبوو, ئەوان خواردنێکی کەم بەشیان دەکاتو گوێ بە جۆری گۆشت نادەنو هەموو جۆرە گۆشتێك دەخۆن وەك (بەراز, ئەسپ, گامێش, ورچ, سەگ) کاتێکیش جگە لەمانە هیچی تریان دەست نەکەوت حەرامو حەڵاڵ لەیەکتری جیا ناکەنەوەو ژمارەیان لە ژماردن نایەت لە کوللە دەچن[٩٨].

لەڕاستیدا سوپای جەنگیز خان (٧٠٠) هەزار جەنگاوەر بوو[٩٩], پێش دەستپێکردنی هێرشەکانی نوێنەری دەنارده لایان بۆ ترساندنیان, بۆ نموونە نوێنەری خۆی ڕەوانەی (خوارەزم شاه)ی کردو هەڕەشەی شەڕی لێکرد بۆ ئەوەی ترس بخاتە دڵو دەروونی, بەڵام بەپێچەوانەی جارەکانی ترەوە وەڵامی ئەمجارەی (خوارەزم شاه) بۆ جەنگیز خان بە کوشتنی نوێنەرەکەی دایەوە، هاوکات لەگەڵ ڕیش تاشینی هەموو ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون بۆ سوك پێکردنیانو بانگەواز کردن بۆ شەڕ لە دژی مەغۆلەکان کە نزیکەی (٤) چوار مانگی خایاند[١٠٠]. لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانڕەوای گەلی خوارزم بەتوندی دژی جەنگیز خان دەجەنگان هەر چەندە کە دەشیانزانی دژی گورگ خۆر زۆرانبازو کوللە دەجەنگن[١٠١], بێگومان مەغۆلەکان لە کاتی هێرشو پەلامارەکانیاندا بەهەموو شێوەیەك جەنگی دەروونیان بۆ دەستە بەر کردنی ئامانجەکانیان پیادە دەکرد.

---

[٩٤] عباس اقبال: تاريخ المغول, ترجمة د. عبدالوهاب علوب,المجمع الثقافي،أبوظبي،٢٠٠٠، ل١٢٤.

[٩٥] صلاح نصر: حرب العقل والمعرفة, ل١٦.

[٩٦] حسن الامين: في خضم التاريخ, دار المحجة البيضاء،ط٢٠٠٠،١ ل٣٩.

[٩٧] صلاح نصر: حرب العقل والمعرفه , ل١٧.

[٩٨] عباس اقبال: س.پ ، ل١٠٩" د. حسن ابراهيم حسن: س.پ, ١٢٧/٤.

[٩٩] صلاح نصر: الحرب النفسية, ١/ ٦٤.

[١٠٠] د. حسن ابراهيم حسن: س.پ, ١٣٦/٤.

[١٠١] حسن الامين: س.پ, ل٤١.

**ئەنجام**

١- مرۆڤ لە دێرزەمانەوە جەنگی دەرونی ناسیوە و درکی پێ کردووە، هەرچەندە ئەم ناوە نوێ یە، بەڵام لەگەڵ قۆناغەکانی مێژوودا گۆڕاوە پێشەوتنی بە خۆیەوە بینیوە .

٢- سەرکردەو فەرماندەکان بەشێوەیەکی وردو قولّ لە شێوازەکانی جەنگی دەرونی گەیشتبوون وە بەشێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو پیادەیان کردووە .

٣- جەنگی دەرونی و جێ بەجێ کردنی لە مامەڵەکردن لە گەڵ هۆشیاری کۆمەڵگادا، ئەو زانینەی کە وڵاتان بە درێژایی مێژوو کەوا لەم توێژیەوەیە باسمان لێوەکردووە هەنگاوی فراوانیان تیادا ناوە لە بەکارهێنانیدا بەجۆرێك شارەزا بوون وە سەرکەوتنی پێویستیان تیادا بەدەست هێناوە .

٤- جەنگی دەرونی هەرچەندە بەجەنگ ناودەبرێ بەڵام جەنگی کلاسیکی نیە، هاوکات کۆتایی نیە یان هەمووجارێ توندوتیژنیە ، بەڵکو هەندێ جار نەرم و نیانە .

**لیستی سەرچاوەکان :**


١- القرآن الكريم .

٢- قورئانی پیرۆز – وەرگێڕانی مامۆستا هەژار .

* **سەرچاوە ڕەسەنەکان (المصادر) :**

٣- إبن الاثير (ت.٦٣٠ ك ) : الكامل في التاريخ ، دار احياء التراث العربي ، بيروت ، ١٩٩٤م .

٤- أبو الفداء (ت.٧٣٢ك): المختصر في أخبار البشر،دار المعرفة للطباعة والنشر، بيروت،د.ط .

٥- إبن خلكان (ت٦٨١ك ) : وفيات الاعيان وأنباء ابناء الزمان، تحقيق ، إحسان عباس ، دار الثقافة ، بيروت ، ١٩٦٨ .

٦- إبن خلدون (ت . ٨٠٨ ك): مقدمة إبن خلدون ، دار صادر ،١٩٧٨ .

٧- الزبيدي ( ت.١٢٠٦ ك) : تاج العروس في جواهر القاموس، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، د.ت .

٨- الطبري (ت. ٣١٠ ك) : تاريخ الرسل والملوك ، ج٣ ، تحقيق محمد أبوالفضل إبراهيم ، دار المعارف ،ط٤ ، القاهرة ، ١٩٧٩ .

٩- إبن عبد ربه (ت . ٣٣٨ ك) : العقد الفريد ، تحقيق محمد سعيد عريان ،دار الفكر ،بيروت ،د.ط.

١٠- فيروز آبادي (ت . ٧٢٩ ك) : القاموس المحيط ، دار الجيل ، القاهرة ، ١٣٧١ه .

١١- ابن كثير (ت .٧٧٤ ك) : البداية والنهاية : ج٤،تحقيق دار إبن حيان ،ط١ ،القاهرة ،١٩٩٦ .

١٢- المسعودي (ت.٣٤٦ ك) : مروج الذهب ومعادن الجوهر ، تحقيق محمد مفيد محمد قصيمة، دار الكتب العلمية ، ط١، بيروت ، ١٩٨٦ .

١٣- المقريزي( ت.٨٤٥ك) : اتعاظ الحنفا بأخبار الأئمة الفاطمين الخلفا تحقيق جمال الدين الشيال ،دار الكتب العربي ، القاهرة ، ١٩٤٨ .

١٤- نفخ الطيب من غصين الاندلس الرطيب ، تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد ،القاهرة ، ١٣٦٧ ه .

١٥- إبن منظور (ت . ٧١١ك ) : لسان العرب – تحقيق عبدالله علي الكبير و آخرون، دار المعارف، القاهرة، مصر،د.ط .
١٦- النويري (ت.٧٣٣ ك) : نهاية الارب في فنون الادب،حققه محمد محمد أمين وآخرون ، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، ج٢٨،مصر ،١٩٩٢ .
* سەرچاوە نوێیەکان (المراجع) :
١٧- أحمد نوفل: الحرب النفسية من منظور اسلامي، دار الفرقان ،ط٢ (عمان :١٩٨٧) .
١٨- إبراهيم العلي : صحيح السيرة النبوية ، تقديم عمر سليمان ، راجعه همام سعيد ، دارالنفائس، ط٢ ، عمان ، ١٩٩٦ .
١٩- بسام العسلي : فن الحرب الاسلامي، ج١ ،أيام الحروب الصليبية ، دار الفكر للطباعة والنشر ، ط١، بيروت ، ١٩٨٨ .
٢٠- بول لاينرجر : الحرب النفسية ، ت . حميد رشيد ، دار امية للنشر والتوزيع ،ط٢ ، الرياض ، ١٩٨٨ .
٢١- جودت عبدالكريم عواد : الحرب النفسية وشائعات الحرب، مركز الاعداد والتطوير الثقافي، بغداد ، ١٩٨٤.
٢٢- حامد ربيع : الحرب النفسية في الوطن العربي ، دار الواسط للدراسات والنشر والتوزيع، بغداد ، ١٩٨٩ .
٢٣- حامد عبدالسلام زهران : علم النفس الاجتماعي، عالم الكتب ،ط٤ ، القاهرة ، ١٩٧٧ .
٢٤- الحرب النفسية ، السلسلة المرقة (٢٩)،بيروت ،د.ط.
٢٥- حسن إبراهيم حسن : تاريخ الاسلام السياسي و الديني و الثقافي والاجتماعي، دار الجيل ، ج٤،ط١٤،بيروت،١٩٩٦ .
٢٦- حسن الأمين : في خضم التاريخ، دار المحجة البيضاء،ط١ ، ٢٠٠٠ .
٢٧- شوان عوسمان مستەفا : کوردستان و پرۆسەی بەئیسلام کردنی کورد ، چاپی ١ ،چاپ و پەخشی نما ، سلێمانی ٢٠٠٢.
٢٨- صلاح نصر : حرب العقل والمعرفة ،دار الخيال ،ط١ ،٢٠٠٢ .
٢٩- صلاح نصر : الحرب النفسية ( معركة ا لكلمة و المعتقد ) /ج١ ،ط١ ، القاهرة ،١٩٦٨ .
٣٠- صلاح عبدالفتاح الخالدی : خەلیفەکانی راشیدين ، و.فاتح سەنگاوی، چاپخانەی نازە، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٢ .
٣١- عباس إقبال : تاريخ المغول، ترجمة :عبدالوهاب علوب،المجمع الثقافي، أبوظبي،٢٠٠٠ .
٣٢- عباس محمود العقاد : معاوية بن أبي سفيان ، المكتبة العصرية ، بيروت ،د.ت .
٣٣- عبدالستار طاهر شريف : شەڕی دەروونی ،گۆڤاری ڕۆژی کوردستان،ژمارە ٦٧.
٣٤- عبدالمنعم علي الحسيني : الحرب النفسية وتأثيرها على معنوية الجماهير، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد ، د.ت .
٣٥- علي إبراهيم حسن : التاريخ الاسلامي العام ، مكتبة النهضة المصرية ، القاهرة ، ١٩٧٧ .
٣٦- فاروق عمر : طبيعة الدعوة العباسية ، دارالارشاد ،بيروت ، ١٩٧٠.
٣٧- فاضل الفراتي : المعاهدة بين الامام حسن ومعاوية بن أبي سفيان ، مطبعة سيد الشهداء ، ط١ ،

ايران ، ١٤٢١ه .
٣٨- فخري الدباغ : الحرب النفسية ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٧٩ .
٣٩- فليب حتى وآخرون : تاريخ العرب ، دار الغندور للطباعة والنشر ، ط٥ ، لبنان ، ١٩٧٤ .
٤٠- كارل بروكلمان : تاريخ الشعوب الاسلامية ، نقله الى العربية بنية أمين فارس ومنير البعلبكي ، دار العلم للملاين ،ط٧ ، بيروت ، ١٩٧٧م .
٤١- كرم شلبي : الراديو والتلفزيون في الحرب النفسية ، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة، ١٩٧٣ .
٤٢- کەریم شەریف: جەنگی دەروونی, گۆڤاری ڕێبازی نوێ, ژمارە ٩, ساڵی ١٩٩٥.
٤٣- ل.أ.سيمينوفا : تاريخ مصر الفاطمية ، ترجمة وتحقيق حسن بيومي ، المجلس الاعلى للثقافة ، القاهرة ، ٢٠٠١ .
٤٤- لەتیف هەڵمەت : سەرەتایەك دەربارەی جەنگی دەروونی لە کۆنەوە تا ئێستا، گەلاوێژی نوێ ، ژمارە ١، ١٩٩٧ ، ساڵی یەکەم .
٤٥- محمد شفيق غربال : الموسوعة العربية الميسرة، دارالشعب ومؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر ، ب.ت .
٤٦- محمود شيت خطاب : الاسلام والنصر ، دار القتيبة ، ط٢،دمشق، ١٤٠٥ه .
٤٧- محمود شيت خطاب : بين العقيدة والقيادة ، دار الفكر ، ط٢ ، بيروت ،١٩٨١ .
٤٨- محمود شيت خطاب : قادة فتح الشام ومصر ، بيروت ، ١٩٦٥ .
٤٩- مصطفى الدباغ : المرجع في الحرب النفسية ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ،ط١ ،بيروت ، ١٩٩٨ .
٥٠- معتز سيد عبدالله : الحرب النفسية والشائعات ، دار الغريب للطباعة والنشر والتوزيع ، القاهرة ١٩٩٧ .
٥١- موسى زناد : الحرب النفسية : مطبعة دار القادسية ، الاعظمية ، بغداد ،١٩٨٤ .
٥٢- نزار جرجيس علي : حرب الكلمة ، مطبعة وزارة الثقافة ، اربيل ١٩٩٨ .
٥٣- نهاد عباس الجبوري : العمليات التعرضية والدفاعية ، عندالمسلمين ، دار الحرية للطباعة ، بغداد،١٩٨٧ .
٥٤- هاشم عبدالرحمن محمد عيسى : قضايا ومواقف من التاريخ العباسي ، ط٢، دار النشر ، القاهرة ، ٢٠٠١ .
٥٥- هاني رضا ورامز عمار : الرأي العام والاعلام والدعاية ، المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع ، بيروت ، ١٩٩٨ .

## ملخص البحث باللغة العربية

تحتل الحرب النفسية اليوم مكانا بارزا ومهما أكثر من اي عصر، والتي تعتبر من اهم موضوعات الساعة، فضلا عن انها موضوع هام من موضوعات كل من علم النفس الاجتماعي وعلم النفس العسكري، واي حقبة تاريخية لجيش ما او حزبا أو شعبا او بلادا لمواجهة الاعداء، على الرغم من انها استخدمت منذ أقدم العصور وبرزت في كل عصر من هذه العصور اساليب مختلفة للحرب النفسية.

ولعل التطور الكبير الذي أصاب كل مرحلة زمنية أثر إبتكار أساليب جديدة لهذه الحرب، التي لاتختلف في شكلها الحالي عما كانت عليه من قبل الا في الوسيلة و التطبيق، وقد ظل هدفها الرئيس هو التأثير في نفسية العدو والقضاء على معنوياته .

فالحرب النفسية حقيقة قديمة قدم الحضارة نفسها، وهي موجودة منذ أن وجد الصراع البشري، ويرجع إستخدامها الى أقدم العصور، وكانت آنذاك تشن بأساليب بدائية على مستوى الجماعات أو الشعوب أو الدول، بالإضافة الى شواهد تاريخية وتطبيقات عملية منذ أقدم العصور ولجأ اليها الحكام والقادة الاذكياء البارعون .

## *Psychological war takes up an important*

*Posit ion at the present time ware than any other era. currently it is regarded the most significant subject mainly from social psychology and military psychology in any historical period of an army, party , nation or state to stand against enemies . Although it was used in ancient times and produced many styles.*

*The great development which offected each staye may be the cause of inventing new styles for this war in which it is not different from its existing shapes only in mains and application .*

*Its main aim is to affect the sense of enemies and to crush their mental power.*

*Psychological war is the more ancient truth and it is existed in the ancient cultures and it is existed since the foundation of human conflict its usage returns returns to the ancient cultures .*

*There were various primitive styles by the groups, nations and states in addition to the historical evidence and its practical applications in which the sharp – witted and skilful rules and leaders try to use it widely.*